# بڕینی زمانی ڕۆژنامەوان

**سیروان بابەعەلی**
sirwanb@t-online.de

ڕۆژنامە زمانی ڕۆژنامەوانە، وە ڕۆژنامەوان زاری گەلە... تیرۆرو چەپاندنی ڕۆژنامە، واتە بڕینی زمانی ڕۆژنامەوان... کە دواجار دەکاتە لاڵکردنی میللەت...

پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیەکی ڕۆژنامەوانیی وەهای خستە بەرباس... کە نەك تەنها مافی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی ئێلکترۆنیی، بەمەبەستی دابڕینیان لە سوودوەرگرتن لەپەساری یاسایی، پشتگوێخست و... بەعسییانە چەمەری ئاگریینی لەدیوی دەرەوەی تخوبی سەندیکا کەنەفتەکەی بۆ دانا... تەنانەت لەدیوی ناوەوەیش ئەوەی کەبەدەستەوەیدا بۆ مافی ڕۆژنامەوانە تەختەنووسەکان، وەها مەرامپیسانە دایڕشتووە، کەوەك "لاستیکی دەرپێ" هەڵکش و داکشی پێبکات و بتوانێت بە خواستی خۆی بەبالأی هەر هەڵوێست و ئاکسیۆنێکی ڕامیاری بۆ چەپاندن و سووکایەتی پێکردنی ڕۆژنامەوان بەکاری ببات... هەموو ڕۆشنبیرێکی ئەم میللەتە ئاگادارە کە چتۆ ئاوەزو پاشخانێکی هزرو ڕێکار، ڕیشەگری گووتەی کۆتاییە لەسەر ئەو جۆرە پرسانەو بڕیاری پێشوەختی لەسەرداوە... ڕەنگە نوێترین نموونەی هەڵویستی ناژیارو دێسپۆتییانەی دەسەڵات لە کاری ڕۆژنامەوانیی بەگشتی و لەکوردستان بەخورتی... لەهاوارو ناڕەزایی ناوەندەکانی داکۆکیی لە مافی ڕۆژنامەوانان سەبارەت بە مافی ڕۆژنامەوانانی کوردستان خۆی بنوێنێت، بۆ سەردانی سنوورەکان و ئاگاداربوون لە سیناریۆ ڕەشەکەی لەناوبردنی خەباتی کورد لەباکوورو، خستنەڕووی ڕاستییە داپۆشراوەکان و، ئەو چێشتەی کە دیسانەوە دەیانەوێت لە ئۆرگانێکی زیندەڵی جەستەی دۆزی نیشتیمانی سازی بکەن!..

ڕەنگە باشترین وتەبێژی شالیارداریی هەرێم زمانی خودی خۆی بێت (مەبەست وتەبێژەکەیەتی) کە دەڵێت: {ئێمە ئابڵوقەی تەواومان خستۆتە سەر (پ.ك.ك) پێویستە ڕۆژنامەوانانیش بگرێتەوە نەوەك قسەی سەرانی پ.ك.ك بڵاوبکەنەوە!}... ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێمە ئاگادارین تەنانەت وڵاتی تورکیایش (لەترسی جیهانی دێمۆکراسی)، کاری وا بێفەڕی پاشەڵڕوت و ئاشکرا بەڕۆژنامەوانان ناکات!

یەکێك لە تەڕن (ئابڕوچوون) ە بەناوبانگە ڕامیارییەکانی ئەڵمان، تەڕنی گۆڤاری شپیگل (شپیگل ئەفەیرە) بوو، کەهێندەی (واتەرگێت) بۆ ئەمەریکا، کاریگەریی لەسەر باری ڕامیاریی ئەڵمانیا دانا؛ کاتێك ئەو گۆڤارە ڕاپۆرتێکی لەسەر توانست (کاپاتسیتەیت) ی شالیارداری بەرگریی بڵاوکردەوە، شالیار (جۆزێف شتراوس) فەرمانی دەستگیرکردنی خاوەنی گۆڤارەکەی دەرکرد... ئەو ڕووداوە هێشتا پاش سالأنێك سێبەری خۆی بەسەر ڕەوشی ڕامیاریی ئەو وولأتە هێشتۆتەوە!

(جیفرسن) دەڵێت: {زۆر لامخۆشترە لە وڵاتێك بژیم ڕۆژنامەی هەبێت و یاسای نەبێت، نەك لە وڵاتێك یاسای هەبێت و ڕۆژنامەی نەبێت}... سەیر لەوەدایە لە کوردستان یاسا تائاستی بەزەیی دەستی کورتەو یاوەك دەڵێن: {وەك تەونی جاڵجاڵۆکەیە، گیانلەبەری بچووک دەگرێت و هی گەورە تێکی دەدات}... لەگەڵئەوەیشدا دەسەڵات دەیەوێت وڵات ڕۆژنامەی نەبێت ((دیارە بڵاوکراوەی پارتەکان ئەگەر ڕۆژانەیش دەربچن، سەرەڕای زەنگینی دارایی و پرۆفیشناڵی، لەڕووی ئاکارو ئێتیکی "جورنالیستیی" نابنە ڕۆژنامە!)).

لەکوردستان دەسەڵات کارکردە سەلماندوویەتی، تەنها تا ئەو ئاستە دەیەوێت میللەت لە تەلیسمەکان تێبگات و پرسەکان بەسەربکاتەوە... کە بگاتە ڕەوشی بێئاگایی و خۆشنوودیی تلیاکخۆرانەو، پابەندیی و دەستەونەزەریی دەروێشانە بۆی... کەهیچ زیانێکی بۆ "پەزەکانی" و ڕەوشی باو نەبێت...

کوردستان ئەمڕۆ هەرئەوەندە لە ئازادی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییدا دەژی، کە باهۆزی تەکنۆلۆژیاو ئابووری جیهانگیرو فشاری پەلهاویشتنە "ئەکتاپۆسی" یە نێودەوڵەتییەکە لەگەڵ خۆی ڕاپێچی کردووەو دەسەڵات ناتوانێت و ناوێرێت بەری پێبگرێت ((هەرچەندە زۆر بەهەناسەسواری لەهەوڵی تەڵەزگە دروستکردندایە!))...

دردۆنگیی لەخستنەڕووی پرۆژەی یاسای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی، شتێك نییە لەوەزیاتر کەدەکارن بە هاوشێوەی یاسا ئیستۆکەکانی بەعس "ڕۆژنامەوان" ی بەهەڵوێست بچەوسێنن‌ەوە... جێگۆڕکێ و دوورکەوتنەوەو وازهێنانی ڕۆژنامەنووسان، شتێك نین لە پارادۆکسی لەلایەك دۆشاو لەزاردان و لەلایەکیتر بزمار لەبنڕۆکردنی دەسەڵات بۆ ڕۆژنامەوانیی زیاتر... هەوڵەکانی بڕینی دەماری پەیوەندی دەنگە ناڕازیی و ڕکابەرەکانی ئەوروپاو، بەکۆتوبەندکردنی وەدەستخستنی ئاسایی ژوورەکانی "پاڵتۆڵك" و سانسۆرکردنیان، تەنهاو تەنها هەڤبوونی ئۆپۆزسیۆنی زویرو دوورخراوەو، لەڕاستی ترسانی دەسەڵات و نەبوونی ئازادی "ئەوانی جودا" دەگەیەنێت...

(ڕیمۆن ئارۆن) دەڵێت: {ئازادی ڕامیاریی، "تاکەکان" ناکاتە کەسانی هەڵگەڕاوەو تێکدەر، بەڵکو دەیانکاتە کەسانی ڕەخنەگرو بەرپرسیار}؛ ئەو لەکاتێکدا ئەمەی گووت، کە دەسەڵاتداران لەئەنجامی جۆرێك لەگومڕایی بەدحاڵیبوون و نەزانینی ئەو ڕاستییە، قۆرغی ئازادییەکانیان دەکرد؛ بەڵام لەکوردستان دەسەڵات لەبەرئەوەی ئەوڕاستییە دەزانێت بەرزەفتی ئازادییەکان دەکات!... دەسەڵات دەزانێت کە ئەگەر خەڵك بەئاگابێت و سووڕی سڕبوون تێپەڕێنێت، پێش هەرکارێك "گسکی لادان" لەمافیای ڕامیاریی دەدات... ئەگەر ئازادی ڕامیاریی تاکەکانی بکردایەتە کەسانی ئاژاوەگێڕو تێکدەر، هەرزوو دەسەڵات بەری بۆ ئازادییەکان واڵا دەکردو بەکەمترین خۆماندووکردن بیانووی زیندانیی و میرازکردنیانی دەڕسکاند...

لە ئەڵمانیاو بەریتانیا، گەر لەفەرمانگەیەك یان دامەزراوەیەکی میریی، سووپاسگوزاربیت کەکارێکت بۆ ڕادەپەڕێنن، لەوەڵامدا دەڵێن: (ئیس ئیست ماینە ئاوفگابە- ئەرکی سەرشانمە، ئیتس مای ڕێسپۆنسیبیلیتی- ئەوە لێپرسراوێتی ئەستۆمە)، ئەمە ڕۆشنبیریی و ڕەوشتی کارڕاپەڕاندنە لەئەوروپا!... کەچی چەندساڵێکە ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوانی پێنووسفرۆش و دەربار، وەك ئەوەی وەك مانگاو هوشترو زەڕافە سەر بەئاژەڵانی" کاوێژ" بن، ئەو ووتەیەی لێپرسراوان دەڵێنەوە: {بۆچی ڕۆژنامەنووس باسی کارە باشەکان ناکەن؟!}... وەك ئەوەی ڕۆژنامەنووس زوڕناژەن بێت!... وەك ئەوەی خۆیان زلترین دەمیان لەخۆیان کۆنەکردبێتەوە!... وەك ئەوەی ڕۆژانە خەریکی هەڵەچنیی و بەخۆداچوونەوەبن!

لەهەمووی نەنگیی تر وەك ئەوەی ئەوان پیرۆزو خاوەن سروش و شکۆ بن، نەك کەسانێك کەئەرکی سەرشانیان خزمەت بێت و مووچەی ماندووبوون وەربگرن، ((هەرچەندە لەوێشدا لەوباوەڕەدام، دەسەڵات هەر ڕەوشێکی باش فەراهەم بکات، تەنها دژەکارە لە "مەترسی بۆ سەرمانەوە" ی، وە ئەگەر پراکتیزەنەکردنی هەرکارێکی ڕاستەوانەو ئەرێیی، پەرچەکردار لەسەر مانەوەی دەسەڵات دانەنێت، نەکردنی لەلایان زۆر ئاسایی تر دەبێت!))... ئەوان وەك ئەو شۆفێرە گەمارەن، کەکەسێکی ساویلکە بەفێڵی گەیاندنی بۆ ئەوجێگایەی خواستی کردووە دەبات، گیرفانی دەبڕێت و لەلاڕێییەکی چۆڵ فڕێی دەدات و کەسە بەلەنگازەکە نەك نابێت سکاڵا بکات، دەبێت هێشتا سووپاسی بکات کەنەیکوشتووە!

لەهیچ جێگایەکی گێتی نابێتە جێگای سەرسووڕمان ئەگەر ڕۆژنامەوانێك دادگایی بکرێت، ئەوانیش وەك هەموو مرۆڤ بەدخوو لاساریان تێدایە... هەمیشە ڕوویداوە کەڕۆژنامەنووسێك بووبێتە هۆی "تاوزڕاندنی بێبەڵگەی کەسانێك ـ زراوبردنی بێبینەمای خەڵك ـ ئاژاوەو کارەسات و مردن و تەنانەت جەنگ"... ڕۆژنامەوان زۆرە وەك (کورکماس ی تورك لە ڕۆژنامەی حوڕییەت) کەخۆی لەپێناوی

دەرخستنی ئازارەکانی کورد بەدەستی (میت) بەکوشت دا. وەك ئەمەریکییەکانی (مینای هاربەر) یش هەن، کە لە هۆکارەکانی سووتاندنی هێرۆشیما بوون. یان ئەوانەی بوونە هۆی ڕوودانی کارەساتی لەناوچوونی (شازادەی ویێلز- دایانا) لە پاریس... بەڵام چۆن عەرەب دەڵێن: [سامناکترین نەگبەتیی.. ئەوەیە دەتخاتە پێکەنین]، بارە "تراژیکۆمیدی" یەکەی کوردستان لەوەدایە کەدەسەڵات، بەیەکدنیا لەنگی و نەنگی و خەوش و پۆخەڵییەوە، بەپاساوی نالۆژیك، بیانووی پفدراو، درۆی شاخدار، سەرباری ئەوانە بەشێوازی نادیموکراتیی، ناشارستانیی، نادادپەروەرو نایاسایی، ڕاپێچی هەرکەس دەکەن کە مەبەستیان بێت و نەك هەر کوڵمیان لەشەرمان سوورنابێتەوە، نەخێر بسکەی سمێڵیان دێت!

ئەو جۆرە هەڵوێستانە چیرۆکێکی (عمر بن خطاب) م بیردێنێتەوە؛ دەگێڕنەوە "جارێك عومەر لەوشەوانەی بەدزییەوە بەناو ماڵاندا بەدوای زوڵم و ناڕاستیی دەگەڕێت، لەلای ماڵێك هەستدەکات کەسێك خەریکی خواردنەوەیە، بەدیواردا خۆی دەخاتە ئەودیو و لەقافدا دەیگرێت... دەڵێت: ئەوە چی دەکەیت؟... کابرا دەڵێت: ئەمیری باوەڕداران، من "یەك" گوناهم کردووە بەڵام تۆ "سێ"؛ لەقورئاندا هاتووە: {لاتجسسوا ـ سیخوڕی مەکەن}، تۆ سیخوڕیت بەسەرمەوە کرد. هاتووە: {أدخلوا البیوت من أبوابها ـ لە قاپییەوە بچنە ماڵان}، تۆ بەسەر دیواردا هاتوویت. هاتووە: {لاتدخلوا البیوت حتی تستأذنوا وتسلموا علی أهلها ـ مەچنە ماڵان هەتا مۆڵەت لەخاوەنی وەردەگرن و سڵاویان لێدەکەن}، تۆ هیچیانت نەکرد، کەواتە کاممان گوناهبارین؟... عومەر دەڵێت: {وەڵا من!}... وەلێ ئاستەنگی گەورەی ئێمە لەوەدایە، کە دەسەڵاتدارانی کورد نەك وەك عومەر سەرکۆنەی خۆیان ناکەن، بەڵکو بارودۆخ وەك "میزی هوشتر" هەر بۆدواوە دەڕوات... دەسەڵات بەهەنگاوەکانی ئەم دواییانە دەریخست کە بەڕشتی کار لەسەر تەسککردنەوەی ئازادی بەئاڕاستەی خنکاندنی دەکات...

دەسەڵاتی دوو زلهێزەکە ووتەیەکی (نیتشە) ی بەجوانی بۆسەلماندین، کە: {ئەوان وەك گوریس ڕێسن، هەتا گوریسەکەیان درێژترکەن خۆیان بۆدواوە دەڕۆن}...

(غاندی) دەڵێت: {ڕۆژنامەنووسیی ژەمە خواردنە، گەورەترین تاوان فێڵکردنە لەو ژەمانە}. بەڵام دەسەڵاتداران لەکوردستان میزی تێدەکەن...

(کاسترۆ) دیکتاتۆری کوبا دەڵێت: {لەکردنەوەی قاپی دۆزەخ ناترسم، بەڵام لەجیرەی پێنووسی ڕۆژنامەوانێك دەترسم}. کەچی لەکوردستان پشتی چەندەها پێنووس بێجەرگانە دەشکێت و جیرەی ددانی بکەرەکان ساڵەڕێیەك دەڕوات!...

(ئانشتاین) گەورەترین بلیمەتی سەدەی بیست وە ئاوارەی دەستی (نازیی)، ئامادە نەبوو پێشوازی لەسەردانی تایبەتی (مەناخم بێجین)ی سەرۆکی شالیارداریی ئیسرائیل بکات بۆلای لەبەر تاوانباریی و خوێنڕێژیی... وە دوای مردنی (خایم وایزمان)ی سەرۆکی ووڵات ڕازیی نەبوو ببێتە سەرۆکی ئیسرائیل... دەڵێت: {ڕۆژنامە بەهێزترین پایەیە کەبونیادی شارستانێتیی و ئاوەدانیی لەسەر ڕادەوەستێ}... بەڵام ئەفسوس ئێمە ئەمڕۆ لەکوردستان کار لەسەر ڕووخاندنی کاراترین پایەی بونیادی کۆمەڵگا دەکەین، کە ڕۆشنبیرانی بەئەمەك بەدنیایەك خەونی خۆشەوە لەڕاپەڕینەوە کردیانە "دنگە" ی ئەو بونیادە.

سەرۆکی هەرێم بۆ کەناڵی (عەرەبییە) ووتی: {دووساڵ مۆڵەتم بدەرێ، کوردستان لە دوبەی چاکتر دەبێت}...

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی ووتی: (کوردستان ئازادو دیموکراتە و ئاسۆی کورد ڕوونە)...

کادرێکی ڕاگەیاندنی دەربار و "بۆدی گارد" ە ڕۆژنامەنووسەکانی ووتیان: (دەسەڵات ئەوەی باش نەبێت، نایکات)...

شالیارێك ووتی: (ئێمە شەووڕۆژ وەك کاتژمێر کاردەکەین)...

کەسێکی ساویلکە ووتی: (هەموویان ڕاستدەکەن)...
منیش ووتم:  جیاوازی نێوان ڕامیارێکی کوردستان و کاتژمێرێکی شکاو هەرئەوەیە، کە کاتژمێرە شکاوەکە "هیچنەبێت" ڕۆژی یەکجار ڕاستدەکات!

-----------------